

# گێڕانەوە لەنێوان هەقایەت و ڕۆماندا

باران

حەمە مەنتك

گێڕانەوەناسی (Narratology) وەکو زانستێك لەگەڵ فۆرمالیستەڕووسەکان هاتە ناو بواری توێژینەوەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبییەوە. بەتایبەتی لەگەڵ توێژینەوە بەناوبانگەکەی ڕەخنەگر «ڤلادیمێر پرۆپ» بەناوی (مۆرفۆلۆجیای هەقایەت)، لەوێدا ئەرك و کردەوەی کارەکتەری بۆ سیویەك ئەرك دیاریکرد، بەڵام وەکو زاراوە یەکەم کەس «تۆدۆرۆف»ی ڕەخنەگر لە کتێبی (ڕێساکانی دیکامیرۆن) ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا. لە تیۆری ئەدەبییدا گێڕانەوەناسی بە واتای پێکهاتەی گێڕانەوە دێت. لەسەر ئەم بنەمایەش، ئەم زانستە وەکو پێکهاتەخوازەکان لەو زمانە ئەدەبییەی سەرشارە بە ڕەمز و هێما، کە لە ناوەوەی دەقدا هەن، دەکۆڵێتەوە. لێرەدا لێکۆڵینەوەکانی گێڕانەوەناسی لەسەر بنەمای سیمیۆلۆژیا دەبێت، واتە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پێکهاتە، یان ڕێسای زمانی گێڕانەوە و دەرهێنانی واتا. ڕەخنەگرێکی وەکو «مەککاریك» دەڵێت» گێڕانەوەناسی کۆمەڵێ ڕێسایە لەبارەی ژانرەکانی گێڕانەوە، پێکهاتەو سێستەمی ڕێساکانە بەرانبەر گێڕانەوە/چیرۆك و پێکهاتەی پلۆت.»١ لەم بۆچوونەیشدا پێداگرییە لەسەر هەمان ناوەڕۆك و شێوازی گێڕانەوەی دەق دەکرێ. نابێ ئەوەیشمان بیربچێ بنچینەی گێڕانەوەناسی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی هەریەك لە «ئەفلاتون» و «ئەرستۆ»، هەرچەندە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت باسیبکەین، جیاوازی گێڕانەوەناسییە وەکو زانستێکی نوێ، کە لەگەڵ پەیدابوونی بۆچوونی بونیادگەرەکان لە ڕەخنەی ئەدەبییدا دەردەکەوێ، لەگەڵ گێڕانەوە وەکو شێوازە کۆنەکەی لە ئەفسانە و هەقایەتی فۆلکلۆرییدا هەیە. بۆ ئەم مەبەستەیش ڕۆمانی (کوڕەزاکەی زیتۆ)ی «محەمەد فەریق حەسەن» وەکو کەرەسەی پراکتیکی وەردەگرین، کە ئایا تا چەند ڕۆماننووس ئەم دەقەی وەکو ڕۆمان گێڕاوەتەوە؟ ئایا ئەم دەقە گێڕانەوەکەی تا چەند لەگەڵ ڕۆمان وەکو ژانرێکی نوێی گێڕانەوە دێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دیکە هەوڵدەدەین بدۆزینەوە.

ئاشکرایە گێڕانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە، گێڕانەوەیش هەیە، بەڵام پرۆسێسی گێڕانەوە بەپێی سەردەمەکان و ڕووداوەکان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. تاکو بەم سەردەمەی ئێستا لە قاڵبی ژانری ڕۆماندا خۆی بینیوەتەوە. مرۆڤ بۆ شتەکان، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە؟ بە بڕوای من لەبەر دوو هۆکار ئەم کارە دەکات. یەکیان هەمیشە مرۆڤ شتێکی بۆ وتن پێیە، دەیەوێ بیگەیەنێ. لێرەشدا لە کاتی گەیاندندا بیرکردنەوەو خەیاڵی خۆی تێکەڵدەکات. ئەویدیکەیان هەمیشە دەیەوێ شتێك ئاشکرابکات، چونکە نوسین جۆرێکە لە کەشفکردن.

گێڕانەوە لە سەرەتادا لە قاڵبی ئەفسانە و دواتر هەقایەت و سەرهاتی فۆلکلۆری خۆی پرۆسێسە دەکرد. گێڕانەوە بە گشتی بە هۆکارێکی گینگ بۆ مرۆڤ دادەنرێ، ئەویش بۆئەوەی بیرکردنەوەو یادەوەرییەکانی خۆی تێدا بپارێزێ. لە کۆنیشەوە ئەمە بەردەوامی هەیە. مرۆڤ کاتێك لە ڕاو و شکار گەڕاوەتەوە، چیرۆك و بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ منداڵەکانی گێڕاوەتەوە. خۆ بیرمانە تا ئەم دواییانەیش داپیرە و باپیرەکانمان لە شەوانی زستاندا چیرۆکیان بۆ دەگێڕاینەوە. گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵی منداڵدا هەبووە. بۆ نموونە لە هەقایەتی فۆلکلۆرییدا زۆرجار بە ڕستەی (هەبوو...نەبوو) دەسپێدەکات، ئەمە یەکێکە لەو ڕستە جادوویانەی کە مرۆڤ ناچار بە گوێگرتن دەکات، واتە وەگێڕ پێماندەڵێت: دانیشە و گوێبگرە تا چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆمان بۆ نموونە (دۆن کیشۆت)ی «سێرڤانتس» شێوازێکی دیکە لە گێڕانەوە پەیدابوو، کە ڕۆمانە. ئەم ژانرە تازەیە لە گێڕانەوە لەگەڵ ڕۆمانەکانی «ئالان ڕۆب گرێ، ناتالی سارووت، سیمۆن دۆبوڤوار» شێوازی دیکەی وەرگرت، کە بە ڕۆمانی نوێ ناسراوە، کەواتە هەر دەقێك، مادام لەسەر بەرگەکەی نوسرا (ڕۆمان) دەبێ وەکو دەقی ڕۆمان شتەکانمان بۆ بگێڕێتەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ڕۆمانی نوێ کۆمەڵێ یاسا و قاڵبی هەبێت، نەخێر بەڵام کۆمەڵێ پێوەر و بنەمای هەیە، کە لە گێڕانەوەی هەقایەت و ئەفسانە جیایدەکاتەوە. دەقی (کوڕەزاکەی زیتۆ) لەسەر بەرگەکەی نوسراوە ڕۆمان، بەڵام لە دەمی خوێندنەوەدا دەردەکەوێ گێڕانەوەیەکی سادەی هەقایەتئامێزە. ئەم دەقە باس لە کوڕێك دەکات بەناوی(ئالان)، دواي

خاپوورکردنی گوندەکەیان و بردنی خەڵکی گوندەکەیان لەلایەن سوپای «ساندای خان/سەدام» و ئەنفالکردنیان، بە تەنیا لە چیای (کاردۆخ) دەمێنێتەوە و بۆ هێنانەدی خەونی باپیری دەژی ، ئەویش بەرپاکردنی شۆڕشە لە دژی سوپای «ساندای خان». لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا ڕێك دەقی (ڕۆبن هوود)م بیردەکەوتەوە، هەمان شێواز و پاڵەوان و جووڵە و تیروکەوان و ئەسپ. لەلایەکی دیکەوە ئەم دەقە ڕووداوەکانی هێندێ جار بە شێوەیەك بە ئەفسانە کراون، فەزای دەقەکەی وەکو ڕۆمان کوشتوە و بەرەو دەقێکی هەقایەتئامیزی بردووە. ڕاستە ڕۆمان دەتوانی فەنتازیا و ئەفسانەی لەگەڵ تێکەڵبکرێ، وەکو ڕۆمانووسانی ئەمریکای لاتین، کە بە ڕەوتی (ڕیالیزمی جادوویی) ناسراوە، ئەنجامیانداوە، بەڵام ئەمەیش پێوەری خۆی هەیە، دەبێ قەناعەت بە خوێنەربکەیت.

دەسپێکی دەقەکە هێندە لاوازە، خوێنەر نازانێ بۆچی ئەم دەسپێکە هەیە! تەنانەت بە بروای من پەرەگرافی یەکەم لە دەسپێکەکە زیادەیە و بە لابردنی هیچ لە دەقەکە ناگۆڕێ.» لە تەنگی بانگی شێواندا، سابرێنێکی سپیی سڵی لە تاڵان دەربازبوو، کە هێشتا گەلە گورگ سوسەیان نەکردووە بە پارێزەوە، لە نەدیوی پشت گرد و کێوانەوە سەرهەڵدێنێ. لە بستووی پشت ئاوایییەوە، بۆ وێرانە دێ دەڕوانێت. سابرێنێکی سپیی سڵ، بە دوو قۆچی ڕەشی لوولەوە، چەند دەگەڕێت و چاو دەگێرێت، ناچێتەوە سەر دەرگانەی خۆی. نە دەنگی نرۆڤێک دەبیستێ، نە بۆڕە و باعەی ئاژەڵێك، گوێی تەنیا لە شەقەی سمەکانی خۆیەتی، لە فەزایەکی چۆڵ و سامناکدا دەنگدەداتەوە. دەپرینگێتەوە، لە حەشمەتا، یەك بە خۆی لە بارژن دەدات و وێڵی دۆڵ و کێوان دەبێت.»٢ دەسپێک وەکو کلیلێکی دەق، بە یەکێك لە شێوازە زمانییەکان بۆ تێگەیشتنی دەق دادەنرێت. لەم دەقەدا ئەم دەسپێکە جوودا لەوەی هیچ دراميیەکی تێدانییە، هیچ پرسیارێک، وەستانێکی تێدا نییەم، تاکو خوێنەر لەگەڵ خۆی ببات. من لە پەرەگرافی دووەمەوە چەندین جار دەستم بە خوێندنەوە کرد، هەستم نەکرد، ئەم پەرەگرافەی سەرەوە کەموکورت بێت، بەڵکو زۆر ئاسایی بوو. دەسپێک لە ڕۆماندا هێندە بایەخی هەیە، سەرەتایەکە بۆ بردنی خوێنەر لەگەڵ خۆی. «دەسپێکی هەر ڕۆمانێك بوارێکە بۆ گرێبەست لەگەڵ خوێنەر،

**چیرۆك و ڕۆمان وەسیلەی گواستنەوە نین، تەنانەت وەسیلەی وتنیش نییە «واتە وەسیلەی بەر لە ڕاستی یان ئەو پرسیارانەی، کە دەیەوێ**






دەسپێک سێ ئامانج لەخۆدەگرێت: هەواڵدان، گرنگیدان و ئاماژە لەبارەی ناسنامەی دەق» ٣ کەواتە لە دەسپێکدا زەمینەسازی بۆ خوێنەر دەکرێت، لەوێدا هەوڵێک، ئاماژەیەك بۆ ناوەڕۆکی دەقەکە دەکرێت. بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر دەسپێکی چەند ڕۆمانێك دەنووسم، بۆئەوەی جیاوازییەکەی بۆ ڕوونبێتەوە. «
ڕاپۆرتی نهێنی ٦٥/١٢٥

بۆ: بەڕێوەبەری پۆلیس» [ڕۆمانی: پڵنگەکانی کافکای مواسیر سکلیر] لەم ڕۆمانەدا خوێنەر یەکسەر دەپرسێ: ئەم ڕاپۆرتە چییە؟ لەبارەی کێیە؟ « شازادە ئحتجاب لە کورسییە نەرمەکەیدا پاڵیدابۆوە، ناوچەوانی گەرمی خستبووە سەر دوو ستوونی دەستی و دەکۆکی. جارێک کارەکەرەکەی و جارێک ژنەکەی هاتنەسەر.» [ڕۆمانی شازادە ئحتجابی هۆشەنگ گوڵشیری] «خوایە تۆ لەوێی؟ منم، مارگرێت. ئەمڕۆ ئێمە باردەکەین. خوایە من زۆر دەترسم. من هەرگیز لە هیچ شوێنێکی تر نەژیاوم ئێرە نەبێ.)) [ڕۆمانی خوایە تۆ لەوێی؟ منم مارگرێتی جودی بلوم] ئەم دەسپێکانە جودا لەوەی هێڵی درامی هونەری بەرزیان تێدایە، هاوکات هەوڵێك، ئاماژەیەك دەدەنە خوێنەر. خوێنەر ڕاستەوخۆ بە دەقەکە دەبەستنەوە، بۆئەوەی بەردەوامی بە خوێندنەوە بدات، بەڵام لە (کوڕەزاکەی زیتۆ)دا جوودا لەوەی دەسپێکێکە زیادە، هاوکات زەمینەسازی بۆ خوێنەر تێدانییە. دەسپێکێکە خاسیەتێکی وتاربێژی تێدایە. وتاربێژییەکی زۆر لەم دەقەدا هەیە، بە ڕادەیەك کاریگەری لەسەر لایەنی هونەری دەقەکە کردووە. ئەم وتاربێژییە هەوڵێکە بۆئەوەی تەنیا بەردەوامی بە گێڕانەوە بدات. بە بڕوای من یەکێک لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی هەقایەت گێڕانەوەیە، بەڵام ڕۆمان دەبێ شتەکان پیشانبدات، نەك بیانگێڕێتەوە. ئەمەیش وا دەکات دەق نەبێتە هۆکار و وەسیلە بۆ گواستنەوەی پەیام، هەرچەندە دەقی هەقایەت دەقێکە هۆکارە بۆ گواستنەوەی شتەکان. «ئالان ڕۆب گرێ» لەم بارەیەوە دەڵێت» چیرۆك و ڕۆمان وەسیلەی گواستنەوە نین، تەنانەت وەسیلەی وتنیش نییە «واتە وەسیلەی بەر لە ڕاستی یان ئەو پرسیارانەی، کە دەیەوێ بیانڵێت». ڕۆمان بە بڕوای ئێمە تەنیا توێژینەوەیە و بەس، بەڵام توێژینەوەیەك کە نازانین لەبارەی چییە و چۆنە»٤

**ئەم دەقە بەشێوەیەك فانتازیا و ئەفسانەی تێدامەزرێندراوە، دەقەکە پتر لە هەقایەت، نەك ڕۆمان دەچێت. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا، کۆمەڵێ لە نوسەرانی ئەمریکای لاتین لە نموونەی: مارکیز، خوان ڕۆڵفۆ، سامۆدیۆ، کۆرتاسار، کارلۆس فۆینتس و خۆرخی بۆرخیس...تاد**

لێرەدا هەموو خەمی نوسەر دەبێتە ئەوەی چۆن ئەو پەیامەی بگەیەنێت. بۆ ئەمەیش پەنا بۆ شتگەلی وەها دەبات، کاریگەریان لەسەر لایەنی فۆرم و چۆنیەتی پیشاندانی شتەکان دەبێت. لەم دەقەدا وتاربێژییەکی لە سنور بەدەر هەیە، ئەمەیش وایکردوە زۆرترین پەنا وەبەر هونەری وەسف ببات. کاتێك باسی چیا، یان بەفر، یان ئەسپەکەی دەکای هێندە وەسفەکان درێژن، خوێنەر هەستدەکات تەنیا بۆ درێژکردنەوەی پرۆسێسەی گێڕانەوە ئەم وەسفە درێژانە کراون، چونکە زۆربەی وشەکان هاوواتان، ئەمەیش خوێنەر بێزاردەکات. بۆ نموونە کاتێک باسی وێرانبوونی گوندەکەیان دەکات. «ئێستا، کە دوا ماڵی گوند ڕووخاون، کۆڵانەکانی شێواون، من هێشتا کۆتەڵی دێم لەپێش چاوە. ئا ئەوەیان کەلاوەی قوتابخانەکەیە، کە ئەوسا بە جۆش و خرۆشی ژیان جمەی دەهات. ئەوان یادیان بەخێر، ئەگەر لێیان زیندوو مابێت، مەگەر لە خەوندا شێوەی کۆنە هەوارەکەی خۆیان بکەن. مەگەر لە خەوندا وێنەی کەلەگی و پشت هەیوان، کادێن، پشتیر، باڵەخانە و ژێرخانی ماڵی خۆیان ببینن»٥ دەبینین نوسەر ڕووخانی ماڵەکانمان نیشاننادات، شێوەی کەلاوەیی قوتابخانەمان نیشاننادات، بەڵکو هێندە وەسفێکی کردوە و تەواو، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تەنیا مەبەستی گێڕانەوە بووە، نەك پیشاندان بە ڕۆمان. نیشانماننادات جۆش و خرۆشی ژیان ئەوسا چۆن بووە! خوێنەر ئەوکاتە بەشداردەبێت و وێنەی ڕووخانی ماڵەکانی دێتەبەرچاو، کە شتەکانی پیشانبدرێت. ئەگەر تەنیا پەنا ببەینە بەر گێڕانەوە، ئەوا دەقەکە بێ پێکهاتە و بناغە دەبێت. مەبەستمان لەم قسەیە ئەوەیە دەتوانی چەندین شوێن لەم دەقەکە لاببەیت، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر پێکهاتە و پەیکەرسازی دەقەکە دروستبکات. لەزۆر جێدا پێوەندییەکی تەواو لەنێوان پەرەگرافەکانیشدا نامێنی. ئەم بێ پەیکەرییە وا دەکات، نوسەر گرینگی بە هێندێ وشە و ڕستە بدات، لێرەدا خوێنەر زەینی تەنێ لەسەر ئەو وشە و ڕستانە دەبێت، وشە و ڕستەکانی دیکە وەلا دەنێت. بۆ نموونە لەم دەقەدا وشەی چیا، بەفر، ئەسپ، ئاگر، دارستان، ناوی کوردی وەکو: ئالان، لهۆن، هێلان زۆر گرینگیان پێدراوە و وەسفی زۆریان کراوە. ئەم وشانە لەناو دەقەکەدا زۆر زەق کراونەتەوە، خوێنەر زەینی تەنێ بەو وشانە پێوەست کراوە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا هەموو شتەکان، کارەکتەرەکان، کردەوەکانیان خوێنەر هەست دەکات بە کۆی ئەوانە کاریگەریان لەسەر خوێنەر هەبووە. «گولشیری» لەم بارەیەوە دەڵێت» کاتێک ڕۆمانێکی باش دەخوێنمەوە، هەستەکەم، تەنێ ڕستەیەك، یان ڕووداوێك نییە کە بۆ خۆیم دەبات، بەڵکو هەموو ڕۆمانەکەیە سەرنجم دەبات»٦ هەموو ئامانجی نوسەر ئەوەیە پەیامێک بگەیەنێ، کە گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە وێرانکراون و خەڵکەکەی لە بیابان ئەنفالکراون. وەسفکردنی تاکی کوردە وەکو پاڵەوان، وەسفکردنی ناوچەکانی کوردستانە وەکو بەهەشت، وەکو ئەوەی میللەتی کورد بەشێوەیەکی زۆر تایبەت دروستکرابن. دەمەوێ بڵێم هەستێکی ناسیونالیستی هێندە بەهێز باڵی بەسەر هەست و بیرکردنەوەی نوسەردا کێشاوە، نوسەر بێ ئاگا دەبێ لەوەی ئەم هەستە کاریگەری لەسەر فۆرم و شێوازی نوسینی دەقەکە دەبێت. هەمان ئەو شێوازەی ڕۆماننوسان و نوسەرانی سەردەمی ڕزگاریخوازی کورد، ئەوانیش ئایدیۆلۆژیا و هەستی کەسییان بەسەر دەقدا زاڵ دەبوو، بۆیە دەقەکانیان لە ڕووی هونەرییەوە لاوازدەبوو. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، کە ڕۆمان دەبێ خاڵی بێت لە ئایدیۆلۆژیا و هەستی ناسیونالیستی، نەخێر دەمەوێ بڵێم نابێ دەق بخرێتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیا و ئەو جۆرە هەستانە، چونکە کاریگەری لەسەر لایەنی هونەری دەقەکە دەبێت.

ئەم دەقە بەشێوەیەک فانتازیا و ئەفسانەی تێدامەزرێندراوە، دەقەکە پتر لە هەقایەت، نەك ڕۆمان دەچێت. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا، کۆمەڵێ لە نوسەرانی ئەمریکای لاتین لە نموونەی: مارکیز، خوان ڕۆڵفۆ، سامۆدیۆ، کۆرتاسار، کارلۆس فۆینتس و خۆرخی بۆرخیس...تاد، سودیان لە ئەفسانە و هەقایەت و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری میللەتەکانیان بۆ نوسینی ڕۆمان وەرگرت. بەمەیش ڕەوتێك بە ناوی ڕیالیزمی جادووییان هێنا ناوەوە. ئەمەیش واتای ئەوە نییە هەمان شێوازی ئەفسانەیان بۆ ڕووداوەکان بە کارهێنابێت، بەڵکو ئەوان واقیعیان بەشێوەیەکی جوان و سیحراوی گێڕاوەتەوە. لە ژیانی

ڕۆژانەشدا زۆر جار بەر ڕووداو و شتی وەها دەکەوین، هێندە سەیرە هەر لە سیحر دەچێت، واتە «ڕیالیزمی سیحری ئەو شتە نییە، کە لە ڕێگەی سیحرەوە بگۆڕدرێت، بەڵکو ئەو شتەی کە هەیە و جێی سەرسوڕمانە.»٧ بەڵام لەم دەقەدا (کوڕەزاکەی زیتۆ)، هێندێ جار ڕووداوەکان وەها بە ئەفسانە کراون، هەمووو پێوەندییەکی لەگەڵ واقیع پچڕێندراوە. کەچی لە ڕۆمانی نوێدا هەرچەندە ڕووداوەکان جار جار بە ئەفسانە دەکرێن، بەڵام ڕۆماننووس نابێ بهێڵێ سەرەداوی ئەو ڕووداوە لەگەڵ واقیع بپچڕێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ)ی «خوان ڕۆڵفۆ» مردوو قسە دەکات، بەڵام بە شیوەیەك مەزرێندراوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە، خوێنەر نازانێ ئەو کەسە مردووە، بەڵام لەم دەقەدا هەر لەسەرەتای ڕووداوەکەوە دەردەکەوێ ئەو ڕووداوە بە تەواوی بە ئەفسانە کراوە، چونکە هیچ زەمینەسازییەکی بۆ نەکراوە. بۆنموونە کاتێك (لالەوەیسی) یەکسەر دەڵێ من کەمێکی تر دەمرم. «ئەها، تۆ هەروا سەرنج بدە. خۆ ئەو داڵاشە شومانە دەبینی؟ ئەوانە بۆنی مەرگی منیان کردووە! بە تەمان ئەمڕۆ بە لاشەکەم شادبن و چاوانم هەڵکۆڵن! ئەم زنجیرە چیایەی تۆ دەبینی، وەك چۆن نیشتمانی هەڵۆیە، داڵاشیشی زۆرە. خۆم دەزانم من ئیتر دواییمە، بۆیە بەم سەرمایە لە چەم خۆم پاك پاك شۆری.»٨ خوێنەر مافی خۆیەتی بپرسێ: چۆن ئەم کارەکتەرە زانی ئەو ڕۆژە دەمرێت؟ ئایا تەنیا بینینی داڵاش وەکو هێمایەك بۆ ئەم مەبەستە بەسە؟ ئێمە دەزانین لە واقیعدا کەس ڕۆژی مردنی نازانێ، ئەوەیشمان لەبیرە ئەمە ڕۆمانە، نەك ژیانی واقیع، بەڵام نوسەر بۆئەوەی وا لە خوێنەر بکات بە ئاسایی ئەمە وەرگرێت و سەرنجی ببات، دەبێ ڕایەڵەیەك لەنێوان واقیعبوونی ئەو ڕووداوە لەگەڵ ڕازاندنەوەی بە شێوەی جادوویی دروستبکات، چونکە پەنابردنە بەر فانتازیا واتای فڕێدان و دوورکەوتنەوە لە واقیع نییە، بەڵکو ڕووداوەکە، یان ئەو واقیعە ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا دروستیدەکات، بەشێوەیەکی سیحراوی نیشانیدەدات. ڕووداوی ڕزگاربوونی (ئالان) کارەکتەری دەقەکە لە قەڵا. ڕووداوێکی تەواو پاڵەوانبازانەیە، بەشێوەیەك ئەم ڕزگاربوونانە تەنێ لە ئەفسانە هەقایەتەکاندا هەیە. تەنیا بە کەسێکی وەکو: هێرقل، سوپەرمان دەکرێت. سەرەتا با بزانین چۆن وەسفی قەڵاکراوە. «گۆڕەپانێکی شورە بۆ کراو، قەڵایەك لە ناوەڕاستیدا بەرز هەڵچووە. لەوێوە قەڵاداران ئەو دەورووبەرەیان خستۆتە بن چاودێری خۆیان. دەروازەیەکی دوودەری. کە بواری هەیە دوو سوار بە شانی یەکەوە پێیدا ڕەتبن»، پاشان با بزانین (ئالان) بە چ شێوەیەک لەم قەڵا سەختە ڕزگاری دەبێت. «ئالان بە سواری ئەسپەوە، گورزە لە پاشکۆیەوە، گەیشتنە بەر دەروازەی قەڵا. لەوێوە ئەسپ بازێکی بەرز و بەرینی بەسەر دەروازەی قەڵادا داو ئەودیوبوو، لە دەرێی قەڵا چوارپەلی نیشتنەوە سەر زەوی.»٩ ئەوە پێشتر سەگەکەی (ئالان) چەند کارێکی پاڵەوانبازی کردووە، وەکو خۆی هەڵداوەتە سەر سەربازێك و تیروکەوانەکەی خاوەنەکەی لێ سەندۆتەوەو بە دەم خەنجەری پاڵەوانی لەسەر مێزی بەردەم سەرلەشکر هەڵگرتووە. ڕۆماننووس بۆ ئەوەی قەناعەت بە خوێنەربکات، دەبێ ڕووداوەکە سیحراوی نەك ئەفسانەیی نیشانبدات. ڕۆماننووس بۆ دروستکردنی ڕۆمانەکەی سەرچاوەی یەکەمی واقیعە، ژیانی کۆمەڵەکەیەتی، بەڵام دەکرێ لەناو ڕۆمانەکەدا، بەهۆی تێکەڵکردنی خەیاڵەوە ئالۆزییەك بئافرێنێت، سیحرێک بە ڕووداوەکان ببەخشێت. سنووری نێوان خەیاڵ و واقیع وەها تێکەڵبن، نەتوانی بە ئاسانی لە یەکیان جوودابکەیتەوە، بەڵام لەم دەقەدا بە ئاسانی دەزانین ئەم کردەوەیەی (ئالان) بۆ دەرچوون لە قەڵاکە دەیکات، تەواو ئەفسانەیی و پاڵەوانبازانەیە، کەواتە ئێمە تەنێ سنووری فەنتازیامان لێدیارە. نوسەر نەیتوانیوە بەشێوەیەك ئەم فانتازیایە پیشانبدات، کە کاریگەری لەسەر زەینی خوێنەر هەبێت. دەبینین ئەم شێوازە ئەفسانەییە تەواو تێکەڵی ڕەهەندی دەقەکە نەبووە، ئەمەیش وایکردووە دەقەکە پتر لە هەقایەت نەك ڕۆمان بچێت.

زەقکردنەوەی ڕووداوەکان بەو شێوە ئەفسانەیییە، وایکردووە کارەکتەری ڕۆمان وەکو پاڵەوانێك، نەك کارەکتەر دەرکەوێت. بە بڕوای من ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەستی ناسیونالیستی و کاریگەری هەقایەتی فۆلکلۆری

کوردی، هێندە بەسەر زەین و بیرکردنەوەی نوسەردا زاڵبووە، لە هێندێک شوێن نوسەر ئەوەی بیرچۆتەوە ڕۆمان دەنووسێ. جوایەزی نێوان کارەکتەر و پاڵەوان ئاشکرایە. پاڵەوان شتگەل و کردەوەیەك ئەنجامدەدات لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە. لە ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی و یۆنانییەکان پاڵەوانەکان بەرهەمی جووتبوونی نێوان خواوەند و مرۆڤە، واتە نیوەیان خواوەندە، بەمەیش توانایەکی بەدەریان هەیە. لە هەقایەتیشدا هەمان شێوە، بەڵام پاڵەوانەکان ڕەگەزی مرۆڤن و کردەوەی لە توانابەدەر ئەنجامدەدەن، بەڵام لە ڕۆماندا کارەکتەرمان هەیە، کارەکتەرێک لە گۆشت و خوێن. کردەوەکانی بەپێی باری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری و ڕۆشنبیریی ئەنجامدەدات، واتە کردەوەیەك ناکا لە سەروو توانای مرۆڤەوە بێت. هیچ یەك لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (سەت ساڵ تەنیایی)ی «مارکیز» ئاوا پاڵەوانبازی ناکەن، بەڵکو لە دەمی خوێندنەوەدا خوێنەر هەستدەکات، مامەڵە لەگەڵ مرۆڤگەلێکی واقیعی دەکات. لە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ)ی «ڕۆڵفۆ» زۆربەی کارەکتەرەکانی مردوون و قسە دەکەن، بەڵام وەها هونەریانە کاریان لەبارەوە کراوە، یەکسەر نازانێ ئەوانە مردوون. ئەمەیە پیشاندان، نەك گێڕانەوە. ڕووداوەکانی ناو دەقی (کوڕەزاکەی زیتۆ) گێڕانەوە، یان هەقایەتە لەبارەی کوڕێژگەیەکی کورد. ئەم دەقە ئاوڕی لە زۆر لایەنی کلتوریی و نەتەوەیی مێژوویی داوەتەوە، بەڵام ڕۆنەچۆتە ناو ئەو بوارانە، بەڵکو هەوڵیداوە وانەمان فێربکات، لێرەوەیە ئەم دەقە دەچێتە قاڵبی گێڕانەوەی هەقایەت، نەك ڕۆمان. نایەڵێ لەگەڵ کارەکتەرەکان بژین. مەزراندنی ئەفسانە، مێژوو، کولتور لەناو ڕۆماندا کارێکی ئێستاتیکیانەیە، بەڵام نابێ ببێ بە کتێبێکی فێرکاری. بەهۆی ئەم پاڵەوانبازییەوە خوێنەر زۆر جار وێنەکانی بۆ لێک نادرێت. ئاخر چۆن دەبێ پاسەوانانی قەڵا تفەنگیان بە دەستەوە بێت، کەچی پاڵەوانی دەقەکە بە ئەسپێکەوە و تیروکەوانێکەوە بتوانێ لەسەر شووورای قەڵا بازبدات و دەرچێت. هیچ ڕایەڵێکی لۆژیکی و قەناعەتپێکەر بە خوێنەر نادات. دەمەوێ بڵێم ئەم ڕووداوەی بە ئەفسانە کردووە، نەك بە شێوەیەکی سیحری نیشانمانبدات.

لێرەوە دەگەمە ئەو باوەڕەی ئەم دەقە، پتر دەقێکی گێڕانەوەیی هەقایەتئامێزە، نەك ڕۆمان، چونکە وێنەکامان نیشاننادات، بەڵکو دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سرنجی من بوو، کوردییەکی ڕەوان، زمانێکی بێ گرێوگۆڵ لەناو دەقەکەدا هەبوو، ئەمە یەکێک لە هۆکارەکان بوو، کە دەتەوی بەردەوامی بە خوێندنەوەی دەقەکە بدەیت. چەندین وشەی کوردی تێدا بە کاربردووە، بەتایبەت ئەو وشانەی تایبەتن بە ژیانی گوند و چیا و دەشت و کێو، ئەمە هەوڵێکی باشە بۆ پاراستنی ئەو وشانە لە مردن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


1. ایرنا ریما مکاریك، دانشنامه نظریه‌های ادبی معاصر، ترجمه:مهران مهاجر و محمد نبوی، نشر آگه،تهران، 1384،ص149.
2. محەمەد فەریق حەسەن، کوڕەزاکەی زیتۆ، ڕۆمان، چاپخانەی مەحوی، سلێمانی، 2016،ل5.
3. فانسون جوف، شعریه الروایه، ترجمه: لحسن احمامه، دار التکوین للتالیف والترجمه والنشر، دمشق،2012، ص19.
4. آلن روب گرییه، من می نویسم تا بدانم چرا می نویسم: (وظیفه ادبیات، مجموعه مقالات، ترجمه: ابوالحسن النجفی، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم،1389، تهران،ص94).
5. محەمەد فەریق حەسەن، کوڕەزاکەی زیتۆ، ل6.
6. هوشنگ گلشیری، باغ در باغ، جلد اول، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم،تهران، 1388، ص269.
7. حسێن سابیر عەلی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانی دا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، 2012، ل59.
8. محەمەد فەریق حەسەن، کوڕەزاکەی زیتۆ، ل111.
9. هەمان سەرچاوە، ل196.